# ساردی پڕەنسیپەکان و زەمەنی کاڵ و کرچ
## (خوێندنەوەیەک بۆ پێشانگای خاکی حەمەبەهادینی شێوەکار )

ئیسماعیل حەمەئەمین

**بەشی دووەم**

**٤**

ئەوە ساردی میتاڵە کەفەیلەسوف، بیرمەند و هونەرمەند دەترسێنێ، بەوەی ساردی میتاڵ ئەو گرێبەندە تۆبزکاریە لەنێوان خود و دنیای هەبوودا، جۆرێکە لەتاوانکاری بەرامبەر ئازادی خود، یان ئازادی خودگەرایی (سوبیکەتیڤیەت)، یاخود جۆرێکە لە بەستنەوەی (دڕەندەی ئازادی) لەنێو ژیاندا. (یورگن هابرماز) کاتێک باس لە(ئادۆرنۆ) دەکات، کەلەئاهەنگێکدا دەستی تەوقە بۆ میوانێک درێژ دەکات، بێئەوەی بزانێت ئەو میوانە هەردوودەستی براوەتەوە. لەجیاتی دەست وپەنجە دەست لەو میتاڵە ساردە دەدات کەقۆڵی دەستکردی میوانەکەیە.. ئەو ساتەوەختە داچڵەکینەی ئادۆرنۆ لەلایەن (چارلی چاپلن) وە رزگار دەکرێت و پانتۆمایمی خێرای جەستەیی ئەو داچڵەکینە دەڕەوێنێتەوە..هابرماز ئەو ساتی دەستلێدانی میتاڵە، ئەو ساردیەی ئادۆرنۆی وەسف دەکات، ئەو ساردیەی لەلایەن ئادۆرنۆ بەساتەوەختی (ساردوسری پرنسیبەکان) پێناسەکراوە. لێرەوە بەریەککەوتنی لەگەڵ ساردی میتاڵ :(ساردیی پرنسیبی خودی هاولاتیـبوونە، کەبەبێ ئەو ئەگەری ئاوس شفیتز بوونی نەدەبوو).

Jürgen Habermas. Theodor. W. Adorno „Urgeschichte der Subjektivität und verwilderte Selbsbehauptung.Reclam Verlag .١٩٩٧

ئەو خودەی تەنها هەستکردن بەئەرک دەکات و قولبوونەوەی لەژێر چەتری ئیدۆلۆژی بەهاولاتیبوونێک کەدەسەلات بۆی دیاریکردووە و لەوپرنسیبانەوە دڕندەترین تاوانی سەردەم ئەنجامدەدات. میتاڵی ئەو قۆڵەدەستکردە ئەو ئاماژەیە لای ئادۆرنۆ بۆچەندەها ئاماژەبۆکراو، بۆچەندەها ئیدیا و بیرۆکە و بیرەوەریی‌و گفتوگۆیی‌و فەلسەفی دەبات. هابرماز لەبارەی ئەو ئەزمونە کەسیەی (ئادۆرنۆ) وە دەڵێت: ساردی ئەو میتاڵە زۆر بەنائامادەیەوە کاری لەئادۆرنۆ کردبوو..(ە.س.پ).

ئیدی میتاڵ لەم دەموچاوو فیگوارانەدا ئەو هەستەمان بە(ساردی پرنسیبەکان) لادەهاروژێنێت، شێوەیەکە لەبەستنەوە فیگورەکان بەتەختەوە، هەر وەک ئەوەی تەختەکانیش بەشێک بن لەدنیای ئێستا و خاوەنی بوونی خۆیان نەبن، بەڵکو نوێنەرێکی سەختی ئەو پرنسیبانەی ژیانی رۆژانە و رۆتین بن کەلەنێو شوێندا ئامادەن. هەندێک لەو فیگورە بەردینانە لەشێوەی جەستەن، جەستەیەکی ئامادە لەنێو پێچەکانی خۆیاندا ئەفسانەی خۆیانن، نەک ئەو ئەفسانەیەن کەراستەوخۆ مانایەکی تاکرەهەندی بەرهەمبهێنن، بەڵکو ئامادەی جەستەن وەک خۆی ، وەک سروشتی خۆی، لەپێچ و پەنا و شێوازی خۆیدا. بەهادین توانیویەتی جولەیان پێبەخشێت، هەر وەک ئەوەی کاری ئەو تەنها دۆزینەوەی جولە بێت لەنێو بەردا، نەک دروستکردنی ژیانێک بێت بەتۆبزی و بەخشینی دەم و چاوێک بێت لەبەردا!.

لەکاری داتاشین و پەیکەرتاشیندا ماتریاڵ دەکرێت بەشێوە وسومبۆلەکان، کارە بەردینەکانی (بەهادین) بەپێچەوانەی ئەم ترادیتسیۆنە، نەریتی باوی بەزاندووەو هەولیداوە ژیانی ناو بەردەکان بدۆزێتەوە، نەک ژیانیان بەسەردا بسەپێنێت. لەبەر ئەوەیە هەر بەردەی بەشێوەیەک خۆی نمایشدەکات کەلەگەڵ سروشتی ئەو دەموچاوو فیگورەدا دەگونجێت کەلەناواخنی خۆیەوە هونەرمەند دۆزیویەتەوە، باشتر وایە بڵێم هێناویەتە سەر ئاستی نمایشێکی بینراو. ئەمە وەک کاری ئەدەبی‌و فیکری وەهایە کەلەنێو دیاری بینراودا، نەبینراو دەدۆزرێتەوە و لەنێو ئاسایـبووندا، بیرۆکەی نائاسایی بەرهەم دەهێنرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا (بەهادین) میتاڵ بەکاردەهێنێت بۆ پابەستکردنەوەی فیگورەکانی بەژیانی رۆژانەوە،بەپرنسیبەکانی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنی (شمەکخۆری)، بەو بەدمەستیە شمەکخۆری و ماتریالیزمە خوماربووە بەکرین‌و تەکنەلۆژیا، لەجیاتی گەڕانەوە بۆ سروشت نەک بەچەمکە (رۆسۆ) یەکەی ، بەڵکو بەو چەمکەی کەلەگەڵ خودی سروشتی خۆتدا پێناسە بیت، خۆت بیت بەزمانێکی ساکار، تەنها خۆت بیت دوور لەتۆبزی و زۆرەملیەکانی بەشی ساردی جیهانی دەرەوەی خۆت. بەڵام زۆربەی فیگورەکان مەحکومن بەساردی میتاڵ ، بەساردی پرنسیبەکان.



**٥**

جگە لەکاری لەسەر بەرد کەلەم پێشانگایەدا ئامادەگیەکی لاوەکی هەبوو، هەروەک ئەوەی ئەم دەم وچاو و فیگورە بەردینانە بەشێک بن لەدەرەوەی شتەکان، لەدەرەوەی رووداوەکان، لەدەرەوەی خودی پێشانگاکە، ئاوەها کاری تەختەش لەتەنیشت دەموچاوو فیگورە بەردینەکانەوە بوونێکی ترسناکیان هەبوو، بەڵێ ترسناک تاوەکو دەگاتە رادەی (دڕەندەیی و بەربەریەت)!. ئەوە ئامادەبوونی تەختەدەرگای گەورەن، یاخود چاکتر وەهایە بڵێم رووبەری تەختەی گەورەن کەلەسەر پایەی خۆیان راگیرکراون، لەدەرگا دەچن بەڵام لەشێوازی فیگوری مرۆڤدان، لەهەندێکیشیاندا وەها نین!، تەنها رووبەری تەختەی راگیرن بەئامادەبوونێکی بەربەریانەی رەنگەوە، بەڵێ دیسانەوە دەڵێم



بەربەریەتێکی ترسناک، نوێنەرەکانیان ئەو دەرگا رەنگالە و فیگورئامێزانەن کەلەنێو پێشانگایەکەدا خۆیان نمایشدەکرد، جۆرێک بوون لە رەقکردنەوەی کەش وهەوای رەنگە سپـیەکانی تابلۆکانی پێشانگاکەی (خاک)، نەک هەر ئەوە بەلکو جۆرێک پوون لەئۆپۆزیسیۆنێک لەدژی دیواری سپی و زالبوونی سپیاتی جیهانی تابلۆکان بەسەر کەش‌و هەوای پێشانگاکە. من سەرسام بووم بەو دوو دەرگایەی لەنێوەندي پێشانگاکەدایە، بەشێکی دیکەی دنیای ماتریالیان دەبەستەوە بەدنیای ئەبستراکتی سەر خامی سپی، دوو دەرگای فیگورئامێز کەفیگوری مرۆڤ بوون لەنێو رەنگدا، نەخێر ئەوانە مرۆڤ بوون لەنێو دەرگاکاندا، یاوەکو ئەوانە (مرۆڤە بەدەرگابووەکان) بوون، چەمانەوەو راوەستان و کاڵبوونەوەی هێڵکاری جەستە لەنێو رەنگی دەرگاکاندا، پێناسەی دیاری ئەم کارە داهێنەرەی بەهادین بوون.

لەیەکەم ساتەوەختی ئەو ئێوارە درەنگەی لەگەلەری ئاڤێستادا، لەگەڵ خواردنەوەی شەراب تاوەکو نیوەشەو بیرەوەریمان لە نێوان ئەو فیگورو تابلۆیانەدا خۆی درێژ دەکردەوە، خۆی بەسەر زەمەنێکی پێوار و لەبیرچوو شۆردەکردەوە. لەزەمەنی عەبەس‌و بۆهیمیەتی زەمەنی جەنگە بێهودەیەکانی بەعس‌و جادەی سەهۆڵەکەو باخچە بچوکەکەمان، کەناومان نابوو (باخچەی وجود)، زۆربەی هاورێ نوسەر و شانۆکار وشاعیر و چیرۆکنوس و شێوەکار و عەبەسی و هونەرمەندەکان، وەک پەرەسێلکەی ئێواران لەوێ کۆدەبووینەوە و زەمەنی سەربازی هەڵاتوویی خۆمان لەوێ لەبەردەم گفتوگۆ لەمەر هونەر و ئەدەبدا بەسەر دەبرد. هەموو ئەمانەی باسی دەکەم بەشێک بوون لەو تێرامانەم کەجارجارە لەگەڵ شەراب خواردنەوە و سەیرکردنی (مرۆڤە بەدەرگابووەکانی) بەهادیندا، جارێکی دیکە زەمەنیان دەبری و (ئۆکتافیۆ باز) گووتەنی (لەپێش زەمەنەوە) خۆیان دەکرد بەئێستادا، جۆرێک بوو لەتێکشکاندنی زەمەنی ئێرە و ئەوێی جوگرافی، ئەوێی رۆژهەڵات، ئەوێی سلێمانی و ئەوێی جادەی سەهۆڵەکە و ئێرەی مەنفای شوێن، ئێرەی ئەڵمانیای زێدە ئەقلانی و ئێرەی ئەوروپای پۆست مۆدێرن و پۆست کاپیتال، ئێرەی بەماشێنبوونی مرۆڤ، ئێرەی دیسپلینی کات و شوێن وکار وپلانرێژی راتسیونالیەت، ئێرەی ساردی میتالی ئەقلانیەت و خوماری شمەکخۆری.

ئەم دووزەمەن و جوگرافیا و شوێنانە تێکەلی ئەو ساتەوەختە دەبوون کەلەنێوان من‌و دەرگارەنگالەکاندا وەستابووم، هەر وەک ئەوەی خۆمان بین لەدەرگایەکەوە بۆ ئەوی دیکە رابکەین. لەسنورێکەوە بۆ ئەویتر، هەر وەک ئەوەی ئێمە رابوردوو ئێستامان مەحکوم بێت بەژیان لەنێو دەرگاکانی شوێن‌و کات‌و زەمەنی هەبوودا، لەدەرگایەکەوە بۆ ئەویدیکە هەنگاو بنێین، بەجۆرێک قەدەرمان مەحکوم بێت بەدەرگاکان، نەک هەر ئەوە، بەلکو لەدواجاردا خەونەکانمان، گۆرینی هێڵکاری جەستەو هەبوونمان لەنێو ژیاندا، لەچواچێوەی دەرگاکانەوە خۆی سکێچکاری بکات.. ئەمە پەیامێکی ترسناکی بەربەریەتێکە، ئاوەها لەپر لەرێگەی هونەرەوە زەمەنی هەبوو سنووربەز دەکات و لەودیوو ئەو سنورەوە لەنێو ئەم کارە هونەریەدا خۆی نمایش دەکات.

سەیر لەوەدابوو لەدوای پێشانگاکە، بەهادین بەبزەیەکی گاڵتەجاریانەوە، کەدەتوانم بەگاڵتەجاری بێتاوانی هونەمەندی بچوێنم، بەجۆرێک لەهەستکردن بەوەی دەچمە پەرستگایەکی گریکی و بەهادینیش مایستەری ئەو پەرستگایەی ئەنتیکایە، ئاوەها لەدەستە چەپی ژێرزەمینەکەیدا، چەندەها کاری ئاوەهای نیشاندام، چەندەها دەرگای تەواو نەبوو. هەندێکیان نارێک و لاکەوتوو لەنێو نسرمی ژێرزەمینەکەیدا پالیان بەدیوارەکەوە نابوو. ئەوانە چەندەها کاری لەو جۆرە بوون، لەبەرامبەر بەهادین، چاوەرێی تەواوکاری خۆیان پوون. بەهادین خولقێنەرێک بوو لەبەرامبەر بەخولقاوەکانی خۆی سەرسام بوو، گەر هاتوو ترسیشی لێیان نەبێت!. ئەوەی لەسەر تەختەکان نمایش کراوبوون هارمۆنی رەنگەبوون بەتۆنە گەرمەکانیەوە، لەسەر کاری تەختەکان رەنگی سووری تۆخ، قاوەیی تۆخ، شین لەگەڵ پارچە تەنەکەو بزماری داکوتراودا، شوێنیان ئامادە دەکرد بەڵام بەزەمەنێکی دیکەی بەربەریەوە..